# عراق پشووی فرمی بە بۆنەی ساڵیادی لەدایکبوونی پێغەمبەر مەحەمەد ڕاگەیاند



ئەمینداری گشتی ئەنجومەنی وەزیرانی عەراق ڕۆژی پێنجشەممە (21ـی ئەیلولی 2023) پشووی فەرمی بە بۆنەی ساڵیادی لەدایکبوونی پێغەمبەر مەحەمەد (د،خ) ڕایگەیاند و ڕوونیکردەوەش کە چوارشەممەی داهاتوو (27ـی ئەیلولی 2023) لە ساڵۆژی لەدایکبوونی پێغەمبەر مەحەمەد (د،خ) پشووی فەرمیە لە سەرجەم بەڕێوەبەرایەتی و دەزگا حکومییەکان لە پارێزگاکانی عەراق.